# سه رنجێک له سه‌ر بزووتنه‌وه ی سۆسیالیستی کوردستان وپێشنیارێک

سه‌مه‌د موحه‌مه‌دئه‌مین

ئه‌گه‌رله بزووتنه‌وه جۆراوجۆره‌کان وجێگاوکاریگه‌ریان له‌سه‌رکۆمه‌ڵگای کوردستان ووردبینه‌وه ده‌بینین بزووتنه‌وه کانی راست به‌ته‌واوی مه‌یداندارن و

هه ریه‌که‌یان پرۆژه وئه‌لته‌رناتیڤی سیاسی خۆی بۆداهاتووی کۆمه‌ڵگا ده‌خاته‌ڕوو،کاری حیزبی وسیاسی وراگه‌یاندن وجه‌ماوه ری کاریگه‌ربۆبه سه‌رکه‌وتن گه‌یاندن وله‌ئه‌نجامی کۆتایی داجێگیرکردنی میتۆدی سیاسی وبه‌رنامه‌یی خۆی له ده‌زگاکانی حوکمڕانی دا ده‌کات،بۆئه‌م مه‌به‌سته‌هه‌ر یه که‌یان له هه وڵی دروستکردنی هاوپه‌یمانی له‌گه‌ل حیزب ولایه‌نه‌کانی تردان وهێزی خۆیان یه‌ک ده‌خه‌ن بۆ مسۆگه‌ر کردنی سه‌رکه‌وتنیان له کێشمه کێشه سیاسی وکۆمه‌ڵایه‌تیه کانداوگرتنه ده‌ستی دام وده‌زگای ده‌سه‌ڵات وحکومه‌ت،لێره‌شه‌وه ده‌ست به‌سه‌راگرتن ومۆنۆپۆلکردنی سه‌روه‌ت و سامانی کۆمه‌ڵگاوبه‌کارهێنانی به‌شی زۆری بۆمه‌رامه‌سیاسی وحیزبیه‌کانی خۆیان وداروده‌سته‌ولێپرسراوه‌حیزبی وحکومه‌یه‌کانیان وفراوان کردنه‌وه ی نفوز ی حیزب وبزووتنه‌وه کانیان وله هه مان کاتدا پاراستنی به‌رژه‌وه ندی سه‌رمایه‌داران وه له‌م ڕێگایه‌وه زامن کردنی ده‌سه‌ڵاتیان بۆداهاتوویه‌کی دوورتر،ڕاست ئێستابه‌بێ کۆسپ وڕێگرڕێگای حوکم وده‌سه‌ڵاتی گرتۆته پێش خۆی،له‌به‌رانبه‌ردابزووتنه‌وه ی چه‌پ وسۆسیالیستی له‌کێشمه‌کێش له‌گه‌ڵ ڕاست دا ده وری مێژوویی وخه‌باتکارانه‌ی خۆی وه ک پێویسته نابینێت،ئه‌م بزووتنه‌وه‌ده‌رگیری کۆمه‌ڵێک کێشه‌وقه‌یرانی فکری،سیاسی،ڕێکخراوه یی یه وسه‌رئه‌نجام ئه‌وکێشه‌وقه‌یرانانه‌بوونه‌ته سه‌رچاوه‌ی بێ هێزبوون وکه‌م کاریگه‌ری له سه‌ر کۆمه‌ڵگاوگۆڕه‌پانی سیاسی،له‌جیاتی یه‌کخستنی هێزی خۆی بۆ کێشمه‌کێشه‌چینایه‌تیه‌کانی له‌گه‌ل بزووتنه‌وه ڕاسته‌کاندا به‌شێکی ئه‌و هێزه‌سه‌رگه‌رمی کێشه‌لاوه‌کیه‌ناوخۆییه‌کانی خۆی ده‌کات وزۆر جاریش ده‌که‌وێته زه‌لکاوی کێ به‌رکێی دوژمنانه (تناحری) له ناو خۆیداو خۆپێناسه کردن له‌به‌رانبه‌ریه‌کتری وبێ ئیعتیبارکردنی حیزب یان ڕێکراوه چه‌په‌که‌ی هاوشانی خۆی،ئه‌م بزووتنه‌وه یه‌نه‌هه یبه‌ت وسیمای له‌ناوهه یبه‌ت و سیمای بزووتنه‌وه کانی تر داسه‌رکه‌ش ودیاره نه به‌رنامه‌وسیاسه‌ته‌که‌ی له کێشمه‌کێش له‌گه‌ڵ به‌رنامه‌وسیاسه‌ته ڕاست ڕه‌وه‌کاندا داسه‌رنجی چین وتوێژه هه‌ژاره‌کانی کۆمه‌ڵگای بۆلای خۆی ڕاکێشاوه،نه‌خاوه‌نی حیزب ورێکخراوی جه‌ماوه‌ری خه‌باتکاروبه‌هێزوبه‌نفووزوهیدایه‌ت که‌ری جه‌ماوه‌ره‌که‌یه‌تی،نه توانیویه‌تی هێزوتوانای به‌شه جۆراوجۆره‌کانی بزووتنه‌وه‌که‌ی خۆی کۆبکاته‌وه وشکڵ پێ بدات بۆ بوون به هێزێک له‌ناوهێزه‌کانی تردا وسه‌رئه‌نجام له مه‌یدانی کێشمه‌کێشی سیاسی وکۆمه‌ڵایه‌تی له پاشه‌کشه ی به‌رده‌وام دایه‌وله‌گه‌ڵ قه‌یرانێکی خه‌ته‌رناک دا به‌ره‌ورووه.

ئه‌م وه‌زعه‌ی بزووتنه‌وه‌ی سۆسیالیستی بۆهه‌رکه‌سێکی چه‌پ ،سۆسیالیست،ئازادیخوازیش جێگه‌ی نیگه‌رانیه وبۆته هۆی بێ هیوایه‌کی به‌رچاوله‌ڕیزه‌کانی دا، له‌م ده‌ورانه‌هه‌ستیاروچاره‌نووس سازه‌داکه کۆمه‌ڵگاسه‌رله‌نوێ ڕێک ده‌خرێته‌وه‌وده‌وڵه‌ت ودامه‌زراوه‌کانی داده‌مه‌زرێنرێته‌وه،کۆمه‌ڵگا به گشتی ته‌نانه‌ت به‌چین وتوێژه‌هه‌ژاره‌کانیشه‌وه‌چاره‌نووسی خۆیان داوه‌ته ده‌ست حیزب ولایه‌نه‌ڕاست ڕه‌ووکۆنه‌پارێزه‌کان،چه‌پ نه‌ک هه‌رجه‌ماوه‌ری کرێکاران وزه‌حمه‌تکێشانی له‌گه‌ڵ نیه‌به‌لکوله‌ماوه‌ی15ساڵی

ڕابربوورداژمارەیەکی بەرچاولەکادران وکەسایەتی یەسیاسی وهەڵسوراوانی لە دەست داوەوبەشیکیان وازیان لە سیاسەت وچەپ هێناوەوبەشێکیشیان پەیوەست بوون حیزب ولایەنەڕاست ڕەوەکان وتەسلیم بوون بەئەمری واقیع،لەدەست دانی ڕیزێک لە کادری خاوەن هەژمونی سیاسی واقیعیەتێکی تاڵە وبزووتنەوەی سۆسیالیستی بەرادەیەکی بەرچاولاوازکردوە ،ئەم ڕەوەندەتا ئێستاش بەردەوامە و بزووتنەوەکە زیاتربەرەولاوازی وکەم کاریگەری دەبات.

لێرەداجێ ی خۆیەتی پرسیارێک بووروژێنین وئاراستەی ڕێکخراو وهەمووکادران وهەلسوڕاوانی سۆسیالیستی بکەین کەبەتەنگ پاشەڕۆژی بزووتنەوە کەوکۆمەلگاوەبەرگرتن بە داروخانی چارەنووسی کۆمەل بۆڕاستڕەوی وکۆنەپەرستییە وەبێت،ئایادەتوانرێت وەمومکینەپێش بەم ڕەوەندە خەتەرناکەی

چەپ بگیرێ ورزگاربکرێ لەم وەزعیەتەی؟ئایادەتوانرێ چارەسەرێک بۆپەرش وبلاوی وکێشەو قەیرانەکانی وکەم کاریگەری بزووتنەوەکە بدۆزرێتەوەو

جارێکی ترقورس وقایم بەهێزوبەنفوزبێتەوەمەیدانی دیفاعی شێلگیرانەلەبەرژەوەندیەکانی چین وتوێژەچەوساوەوزەحمەتکێشەکانی کۆمەلگا؟ئایائەم بزووتنەوە شانسی ئەوەی هەیەببێتەوەبەیاری چیەکی بەتوانای مەیدانی کێشمەکێشی سەر گۆڕەپانی سیاسی وپاشەکشەبەبزووتنەوەراست ڕەوو کۆنە پارێزەکان بکات بە قازانجی هەژارانی کۆمەلگا؟

بەلێ ئەوە مومکینە ،بەلام کاروتێکۆشانی ڕێکخراووبەردەوامی پێویستە ،پێویستی بەلێبڕاوی وهەستکردن بەلێپرسراویەتی هەیە ،دەبێ ڕێکخراووکادران وهەلسوڕاوانی بزووتنەوەکە بەئاستێکی بەرزی ئامادیی خەبات کارانەوە بێنەمەیدان ودەست بەکاربن ،ئەم وەزعە لەخۆوەچاک نابێ وئەگەرهەوڵی بۆنەدرێ ،رادەی چارەسەرکردنی ئەم واقیعەبەندەبەوەی چەندتێ دەکۆشین لەم ڕاستایەدا ،هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین ولەبەرچاومان بێت کە کارێکی ئاسان نیە بەلام زۆر گرنگەدەست پێ بکەین ،هەنگاوی یەکەم هەلگرین،زەمینە خۆش کەین،بەشداری بکەین وکۆببینەوەوبیرورابگۆڕینەوە،هەر کەسەو لایەنەدیدوبۆچوونەکانی وڕێگا چارەی خۆی پێشنیار بکات،با دەرگای ووتووێژولێکۆلینەوەی هەمەلایەنە بکەینەوە ،با بەهەمومان هەوڵێک کە هەیە بۆ لێک هەلپێکانی بزووتنەوەکەبە سەر ئەنجامێکی پۆزەتیڤی بگەیەنین.

ماوەیەکەجموجولێکی بەرچاو لەلایەن هەندێک کەسایاتی سیاسی وڕێکخراو ی چەپە وە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاوبۆ یەکخستنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەستی پێ کردوە ،ئەم هەوڵانەهاوکاتەلەگەڵ هەرچی زیاتر داخزانی بزووتنەوەکە بۆ پەراوێزی کۆەڵگاوگۆڕەپانی سیاسی بەهۆی قەیرانێکی خەتەرناکی سەرتاپاگیر،ئەم هەولانەبە مەبەستی ڕزگار کردنی بزووتنەوەکەلە قیرانی(فکری ،سیاسی،ڕێکخراوەیی) کە هەڕەشەلە دوا ڕۆژی بزووتنەوەکە دەکات دەستی پێ کردوە ،لەهەمان کاتتدا سەرەتایەکی ڕەخنەیە لە خالەنێگەتیڤەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کە سەرچاوەی سەرەکی ئەو

قەیرانەیە ،ڕەخنەیە لە سیاسەت ومیکانیزمە نا دروستەکانی ڕێکراوەیی بزووتنەوەکە لە دەورانی20ساڵی ڕابوردوودا،ئەم هەولانەلە هەستکردن بە لێپرسراویەتی بەرانبەربەمەسیری کۆمەلگاوبزووتنەوەکە سەرچاوەی گرتوە،بەم پێ یەشایستەی پشتگیری وبەهێز کردن وبەشداری کردنە.

من پێم وایە کێشەی سەرەکی بزووتنەوەکەلە نەبوونی حیزبی خاوەن بەرنامەو سیاسەتی درووست و ڕۆشن وواقیع بین دایە،هەل دان بۆ دەست راگەیشتن بە حیزبێکی لەو چەشنەبۆ ئەم دەورانەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی پێویستیەکی حەیاتیەوکەلێنێکی گەورەی بزووتنەوەکە پڕ دەکاتەوە ،ئەگەر

بمانەوێ بە شوێن گێرانەوەی دە وری خەباتکارانەی بزووتنەوەکەوەدەبێت ڕێکخراوو کادران و هەلسووراوانی ساحێب نەزەری سیاسی بزووتنەوەی

سۆسیالیستی لە هەوڵی چڕو پڕ دابن بۆ درووست کردنی حیزبی خەباتکاری هەژارانی کۆمەلگاوسۆسیالیستەکان،ئەمە بەشێکی چارەی دەرچوونە لەم

وەزعیەتەبەڵام بەشێکی بنەڕەتی،هیچ حیزبێکی سیاسی ناتوانێت تەواوی بزووتنەوەکە لە چوار چێوەی خۆی دا ڕێک بخات و کۆتایی بە پەرش و بلاوی بێنێت بۆیە بەشێکی تری ڕێگا چارەکە هەوڵ دانەبۆ درووست کردنی بەرەیەکی هێزو لایەنە چەپ وسۆسیالیستەکان لەسەر ئامانجە هاوبەشەکانیان وەک

ئامرازی خەباتی هاوبەشیان بۆ دروست کردنی هێز هاوسەنگیەک لە کۆمەڵگاداکە نفووزی بزووتنەوە ڕاست ڕەووکۆنە پارێزەکان کەم کاتەوەو،پرۆژەی

سیاسی هاوبەش بۆمەسائیلەگرنگە جۆراوجۆرەکانی سەدەمەکە بکاتە سەرلەوحەی خەباتی بزووتنەوەکە بە عینوانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش.

سەبارەت بە حیزبی سیاسی من پێم وایە ئەگەر خاوەنی ئەم تایبەت مەندیانە بێتئەتوانێت دەوری خەباتکارانەی خۆی لە کۆمەڵ دا بگێرێ وسەرنجی چین وتوێژەچەوسا وەکانی کۆمەڵ بۆ لای خۆی ڕاکێشێ وسەر ئەنجام هیدایەت کەرو پایەی خەبات وتێکۆشانیان بێت بۆ ژیانێکی باش تر.

.1-حیزبی هەژارانی کۆمەلگا بێت(کرێکاران،جوتیارانی هەژار،فەرمانبەران ،کاسبکاران،قوتابیان)لە پێناو ئامانجەکانیان شێلگیرانەخەبات بکات وبەرژەوەند یە کانیان بپارێزێ،خاوەنی بەرنامەوسیاسەتێکی ڕۆشن وسادە بێت ،هەم ئاهەنگ کردنی خەبات وتێکۆشانی ئەم چین و توێژەکۆمەڵایەتیەچەوساوانەی کۆمەڵگالەحیزب وڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیان دا،ئیمکانی دروست بوونی قوتبێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی بەهێزفەراهەم دەکات،کە دەتوانێت هاوکێشە

سیاسی وکۆمەلایەتیەکان بگۆڕێ بە قازانجی بەرەی چەوساوەکانی کۆمەڵگا،لە مێژەحیزبێکی کۆمەلایەتی لەوچەشنەجێگەی خالی یە،سیاسەت وبەرنامەنا کۆمەڵایەتیەکانی چەپی ئایدۆلۆژیگەر بە پاساوی سەربەخۆیی چینی کرێکاروحیزبی سەربەخۆی کرێکاران و سەرئەنجام تیئۆریزەکردن وهەول دان بۆدابرانی کرێکاران لە توێژەچەوساوەکانی تری کۆمەل نە بۆ کرێکاران ونە بۆچەپی ئایدۆلۆژیگەریش هیچی لێ پەیدا نەبوو،ئەم سیاسەتەش

بەدەوری خۆی زەربەی لە بزووتنەوەی سیاسی سۆسیالیستی داودەردی فیرقە گەریەتی لە چەپداقوولتر کردەوە بە زەرەری بزووتنەوەی سۆسیالیستی

وچینی کرێکاریش تەواوبوو،هەرچەندەکرێکاران نەکەوتنە گەل ئەم ڕەوتە لەگەل ئەوەش داکاریگەری خراپی بەجێ هێشت لەسەرئاستی سیاسی.

.2حیزبێکی سۆسیالیستی لە پێناو بەرقەراری دادپەروەری کۆمەڵایەتی داخەبات بکات وتێ بکۆشێ،دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە واتای یەکسان کردنی جێگاو شوێنی ئابووری وکۆمەڵایەتی وحقووقی تاکەکانی کۆمەل(سۆسیالیزم)لە ئێستاشداخەبات بکات بۆدروست کردنی کۆمەلگایەکی مەدەنی وسۆسیال

خەبات بکات بۆڕیفۆرمە سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتیەکان وە بیکاتەبەشێکی بنەڕەتی بەرنامەی سیاسی خۆی لەم دەورانەدا.

.3حیزبێک لە کۆمەڵگاو پەیوەندیەناوخۆییەکانی دا دیموکرات و کراوە بێت،سۆسیالیزم وبیری سۆسیالیستی لەگەڵ زۆربەی پرەنسیبە دیموکراتیەکان تەبایە (هەڵبژاردنی ئازادانە چ لەکۆمەلگادا وچ لەناوخۆی حیزبدا،ئازادی ڕادەربرین وچاپەمەنی وبەیان وعەقیدە ،ئازادی سیاسی وپێکهێنانی حیزب وکۆمەلە و وڕیکخراوەجۆراوجۆرەکانی سیاسی وجەماوەری،هەمە چەشنەیی سیاسی لە داموەزگادەولەتیەکان دا،ئازادیەشەخسیەکانی تاکەکانی کۆمەل

لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا..هتد)سۆسیالیزم لەحالەتی سەرکەوتن وحوکمرانی دا دیموکراسی لە بەین نابات بەلکوگەشەی پێ دەدات لایەنە پۆزەتیڤەکانی دەپارێزێ لایەنەنێگەتیڤەکانی دەگۆرێ بە جۆرێک لەخزمەتی تەواوی ئینسانەکان دا بێت،بۆنموونە ئازادی مولکایەتی لە سۆسیالیزم داسنووردارە ، لا یەنێکی سلبی وناڕەوایی دیموکراتیەتی ئەم سەردەمە بێ سنووری هەقی مولکایەتیە بە رادەیەک کەسێک یان چەند کەسێک دەتوانن بەشی زۆری سەروەتی کۆمەلگا مۆنۆپۆل بکەن کە زۆر جار سەرمایەکانیان لە سە رمایەی وولات زیاتر دەبێت لە لایەکی ترەوەجەماوەرێکی بەرین لە کۆمەلگادا

ژیانێکی لایەق بە ئینسانیان نیە ،جیاوازی سۆسیالیزم لە گەل دیموکراتی ئەم سەردەمەلەم خالەدا زۆر چڕ دەبێتەوەو دژن،بۆ گەیشتن بە کۆمەلێکی

سۆسیالستی یان کۆمەلگای ئازادویەکسان دیموکراسی وبە دیموکراسی کردنی کۆمەلگاودەولەت پێش مەرج وڕیگای ئەو ئامانجەیە بە تایبەتی لە وولاتانی سەرمایەداری نا دیموکراتی دا،بە بروای من سۆسیالیزم بەبێ دیموکراسی نایەتە بوون ودیمووکراسیش بەبێ سۆسیالیزم بەوپەڕی کاملی

خۆی ناگات،داتەکاندنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەهەمووبەها دیموکراتیەکان وناساندنی دیموکراسی وەک بیرو باوەری چینی سەرمایەدار لە لایەن

چەپی ئایدۆلۆژیگەرەوەو لکاندنی سیفەتی دیکتاتۆری وتۆتالیتاری بە تەوێلی بزووتنەوەی سۆسیالیستی زەربەیەکی گەورەبوولەم بزووتنەوەیە ،ئەو

حیزبەدەبێ جارێکی ترئەوبەها سیاسی وکۆمەلایەتیانە بە ووردی پێناسە بکاتەوەوپێیاندا بچێتەوە.

.4حزبێک تێڕوانین وهەلوێستی نوێی لە بەرانبەر مەکتەبە فکری وسیاسیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی هەبێت ،لە هەموومەکتەبەفکری وسیاسیەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیهانی سوودوەردەگرێ وئەسلە درووستەکانی) مارکس،ئەنگلس،لینین،ترۆتسکی،بلیخانۆف،ڕۆزالۆکسمبۆرگ،ماوتسی تۆنگ..هتد)بەدەستەوە دەگرێ وکاری پێ دەکات،وە تێزە نادرووستەکانیان ولایەنەسلبیەکانیان ڕەخنەلێ دەگرێ وخۆی لێ جیادەکاتەوە،بزووتنەوەی سۆسیالیستی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی وجیهانیەهیچ کەسێک وسەرکردەیەک خاوەنی ئەم بزووتنەوە نیە ،ناونانی بزووتنەوەکەبە

ماکسیزم ،لینینیزم،ترۆتیسکیزم،ماویزم..هتدنادرووست وهەڵە بوو،ئەوانە هەر یەکەیان سەرکردەو بیرکەرەوەی(مفکر)بەشیک ومۆدێلێکی دیاریکراوی

بزووتنەوەکە بوون لەکاتێکی دیاریکراوی مێژوویی و هەل ومەرجێکی تایبەت دا،لەگەل ئەوەی هەر یەکەیان بەشێوازێک بزووتنەوەکەی دەولەمەندکردوە

وخزمەت کردوە لەهەمان کاتداهیچ یەکێکیان بەدەرنەبوون لەهەڵەوتێزی نادرووست،ئەمەبە جیالەوەی بەشێکی تێزەسیاسی وفکریەکانی هەر یەکەیان بۆ

دەورانێک وشوێنێکی دیاریکراوی دنیادرووست بووەو ئێستا یان بەسەرچوون وکۆن بوون یان بۆ هەموووولاتانی دنیا دەست نادەن وگونجاو نین،ئەم

حیزبەتێڕوانینی مەزهابیانەبۆبیروباوەری سۆسیالیستی وپیرۆز نیشاندانی هەر یەکێک لەو سەرکردە سیاسی وفکریانەی لەسەرەوە ناوم بردن وپەیڕەوی

کوێرانەی تێزەکانیان بەتووندی ڕەخنە لێ دەگرێ وخۆی لێ جیادەکاتەوە.

.5بڕوای بە بەشداری کردن لەپەرلەمان ودەولەت وبە هەمەچەشنەیی سیاسی وحیزبی(تعددی)لە حوکومەت ودامەزراوەکانی دەوڵەت داهەبێت ولەهەوڵی پراکتیزە کردنی بەرنامەسیاسی وکۆمەلایەتی یەکانی دا بێت لەم کەناڵەوە وەک کەناڵێکی گرنگ لەکەناڵەکانی خەبات وتێکۆشانی سۆسیالیستی،بەتایبەتی

لە پەیوەند بەبەرنامەچاکسازیەکانی(ڕیفۆرم)دا.دژی داسەپاندنی دەسەڵاتی تاکە حیزب ودیکتاتۆری وتۆتالیتاری(شمولی)بێت ،خەبات بکات بۆدامەزراندن و

جێگیر کردنی حکومەتی قانونی مەدەنی وسکۆلار وجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان(یاسادانان،حوکومەت،دادگا.(

.6حیزبێکی علمانی(لایک)بێت خەبات بکات بۆ جیاکردنەوەی دین لەدەولەت وپەروەردەوفێرکردن،لەهەمان کاتدائازادی تاکەکانی کۆمەل بۆ هەبوونی دینی

خوازراوی خۆیان یان نەبوونی دین بپارێزێ،خەبات بکات بۆ یەکسانی ڕاستەقینەی ژنان لە بەرانبەرپیاواندا ولەبەرانبەر ڕەسم ویاسای کۆنەپەرستانەی

دژی ژنان ویەکسانی خوازی بەتووندی بوەستێتەوەوخەبات بکات،خەبات بکات لەدژی بیروباوەری ڕاسیستی وشۆڤێنیستی نەتەوەیی ومەزهەبی ورەگەزی.

.7حیزبێک کەچوارچێوەی خەبات وهەلسووڕانی سیاسی سەرەکی لەکۆمەڵگای کوردستاندا بیت ،لەهەمان کات دا پەیوەندی بەهێزی خەباتکارانەی لەگەل

حیزبەسۆسیالیست وچەپ وپێشکەوتن خوازەکانی تری کوردستان وعێراق وجیهان هەبێت،خەبات بکات بۆ چارەسەرکردن وکۆتایی هێنان بەچەوسانەوە

ی نەتەوایەتی (میللی) لەسەرخەڵکی کوردستان وهەمووچەوسانەوەهاوچەشنەکانی تر،ئەمەیەکێک لە خەسڵەتەسیاسی وپرەنسیبەسەرەکییەکان وبنەڕەتیەکانی بێت،بەرزکردنەوەی درووشمی گێڕانەوەی مافی زەوت کراوی گەلی کوردستان بۆدیاریکردنی چارەنووسی خۆی لەڕیفراندۆمێکی گشتی و

ئازاددا وەسەرئەنجام بڕیاری خەڵکی کوردستان ریزی لێ بگیرێ لە لایەن ناوەندەنێودەوڵەتی وناوخۆی یەکانی دەسەڵاتەوە وبکرێتە مەحەکی برانەوەی کێشەکە چ بەجیابوونەوە ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یان مانەوەی ئازادانەلە ناو عێراق دا،ئەم حیزبەجیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بانگێشە بکات،ئەم بڕوایەلە جوملەی بڕواسەرەکی وستراتیجیەکانی بێت نەک وەک باوەڕیکی تاکتیکی ومەرحەلی قابیلی

گۆڕان،ئەمەڕێگای چارەسەری بنەڕەتی وهەمیشەیی کێشەکەیە،هەتا ئەوکاتەی زەمینە بابەتیەکانی ئەم سەربەخۆییەفەراهەم نەبوەوڕێگری زۆری لە پێشە ئەم حیزبەدیفاع وپشتگیری لەڕێگا چارەی فیدرالی بکات وەک ڕێگا چارەی گونجاوبۆ ئەم دەورانەدیاری کراوە.

8/5/2005